


# هەڵبژاردەی کوردستان لە نێوان رەخنـ

# دەبێ لە پاڵەوانێتی ڤیفا چاوەڕوانی چـ



**لای هەموو کەسێك ئاشکرایە کەوا هەڵبژاردەی کوردستان لە (  ٢٢ تا ٢٧  )ی ئەم مانگە بەشداری لە پاڵەوانیەتی ڤیڤا دەکات کە لە شاری میلانۆی پایتەختی ئیتاڵیا ئەنجام دەدرێت، رۆژانە هەڵبژاردەی کوردستان مەشقی خۆی لە یاریگای بروسك ئەنجام دەدات، بەڵام دوای ئاشکرا کردنی ناوی یاریزانە بەشـدار بووەکان  رەخنەیەکی زۆر لە لایەن یاریزانەکان و رۆژنامەنوسەکان و راهێنەرەکان و چاودێرەکانی وەرزشی ئارستەی راهێنەرانی هەڵبژاردەی کوردستان و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کرا، ئێمە بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم راپۆرتە ئامادە بکەین.**

راپۆرت: رێبین رەمزی
Rebin1985@yahoo.com



**سـەرەتا یاریـدەدەری راهێنـەری هەڵبژاردەی کوردستان دلشـاد مەعروف گوتی:** ئێمە وەکو دەسـتەی راهێنـەران چەنـد کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامـدا بۆ ئەوەی یاریزانـان بۆ هەڵبژاردەی کوردستان دەسـت نیشان بکەین و یاریزانەکانمان لەسەر شێوازی یاریکردنمان لەم پاڵەوانتیە دەست نیشان کراوە و ئەو یاریزانانمان دەست نیشان کردووە کە لە خولی کوردستان یاریان کردووە، ئەو قسانەی کە ئێستا دەرباری هەڵبژاردەی کوردستان دەکرێت وەکو (خزمایەتی و دۆسـتایەتی و برادەرایەتی .....هتد) هەمووی لە راسـتی دوورە و هیچ جیاوزاییەکمان لە نێـوان یاریزانەکان نەکردووە ، چونکـە ئێمە یاریزانەکانمان بـە چەند پێوەرێك هەڵبـژاردەوە چەند یاری لە خولی کوردسـتان ئەنجام داوە و ئاسـتی لە یارییەکان چۆن بووە و چەندین پێوەری تر،مەرج نییە ئەو یاریزانانی کە بانگهێشتمان کردوون باشترین یاریزانی کوردستان بن رەنگە یاریزانی زۆر باشتر هەبێت، بەڵام ئەمە بیروبۆچوونی راهێنـەرە، ئێمە هەوڵ دەدین لەم پاڵەوانتیـە ئەنجامێکی باش بە دەسـتبێنین لە وەرزی پار باشتر بێت، بەڵام کێشەیەکی گەورمان هەیـە ئەویش ماوەی خـۆ ئامادەکردنن بۆ ئەم پاڵەونێتیە زۆر کورتە دەبوایە کەمترین شت یەك مانگ و نیـو خۆمان ئامادەکردبایە بەهەر حاڵ ئێستا پرۆگرامێکی تێروتەسلمان دانەوە بۆ ئەوەی لەم ماوە کورتە بە باشـترین شێوە خۆمان ئامادە بکەین و دوو یاری دۆسـتانەش ئەنجام دەدین، بەڵام لە کوردستان بە گشتی کێشەی ڤیزا هەیە ئەگەر ئەم کێشـەیە نەبوایە ئەوە نزیکەی (٤٢) یاریزانمان بانگهێشـتی هەڵبژاردەی کوردستان دەکرد تا دوا رۆژ یاریزانەکانمان تاقی دەکردووە.

**پاشـان یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان فەرهاد سەدیق گوتی:** ئەوەی راستی بێت یاریزانی زۆر باش هەیە لە یانەکانی هەولێر و دهۆك بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردسـتان نەکراون، بەڵام بەهۆی یارییەکانـی خولی عێـراق نەیانتوانی لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردسـتان بەشداری ئەم پاڵەوانتیە بکەن، ئێمە بۆ بە دەست هێنانی ئەنجامێکی باش بەشـداری ئەم پاڵەوانیەتیە دەکەین تا میللەتی کورد بە هەموو دونیا بناسـێنین پەنا بەخوا دڵی جەماوەرکەمان لە خۆمان رازی دەکەین.

**یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان محەمەد حەمە خان گوتی:** بـە بیروبۆچوونی خۆم پێکهاتەی ئەمسـاڵی هەڵبژاردەی کوردستان زۆر بەهێزترە لە پار سـاڵ چونکە یاریزانەکان لەسەر دەستی سـێ راهێنەری بە توانا دەستنیشانکراون رەنگە یاریزانی بە توانا هەبێت کە بانگهێشـت نەکراوە، بەڵام راهێنەرەکان تەنیـا دەتوانن (٢٢) یاریزان هەڵبژێرن پەنا بەخوا ئەنجامێکی باش بە دەسـت دێنین بـۆ ئەوەی دڵـی جەماوەرەکەمان خۆش بکەین.

**دواتر باشترین یاریزانی کوردستان ئامانج عومەر یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان گوتی:** ئەمە بۆ دووەم جارە بەشـداری پاڵەوانیەتی ڤیڤا دەکەین کـە لە وڵاتی ئیتاڵیا ئەنجـام دەدرێت، کۆمەڵە یاریزانێکـی بـاش بانگهێشـتی هەڵبژاردەی کوردسـتان کـراون و گۆرانکارییەکی تەواو لە




هەڵبژاردەی کوردستان کراوە، پەیمانمان داوە لەم پاڵەوانێتیــە ئەنجامێکی باش بە دەســت بێنین و هیوادارم پاڵپشتی ئەم هەڵبژاردەیە بن.

**گۆڵکاری کوردستان کارساز محەمەد یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان گوتی:** لای هەموو کەسێك ئاشکرایە کە پار ساڵ هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری ئەم پاڵەوانێتیە کرد و ئەساڵیش بەشداری لە پاڵەوانیەتی ڤیڤا دەکات، بەڵام ئەمساڵ بە بیروبۆچوونی خۆم یاریزانی زۆر بە توانای تێدایە و هەڵبژاردەی کوردستان بەهێزترە لە پارساڵ لە هەموو لایەنێکەوە و یاریزانەکانیش بە یەکسانی هەڵبژێردراون و ئەم قسانەی دەربارەی دەستنیشان کردنی یاریزانەکان هەمووی لە راستی دوورە، ئەمە یەکەم جاریشە بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان دەکرێم هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەم و پەنا بەخوا بە ئەنجام باش دەگەڕێنەوە کوردستان.

**دواتر گۆڵچی هەڵبژاردەی کوردستان غەفوور عوسمان باشترین گۆڵچی کوردستان گوتی:** ئێمە رۆژانە مەشقی خۆمان ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خۆمان بۆ ئەم پاڵەوانێتیە ئامادە بکەین، پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان یاریزانی زۆر بە توانای تێدایە و یاریزانی زۆر باشتریش هەیە بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان نەکراون، جێگای باسە زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی کوردستان لاون واتە پێویستیان بە پشتگیری هەیە، هەوڵیش دەدەین لەم پاڵەوانێتیە ئەنجامی زۆر باش بە دەست بێنین لە پار ساڵ زۆر باشتر بێت.

**لە کۆتاییشدا یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان ئەحمەد شوکر بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن:** زۆر خۆشحاڵم بۆ یەکەم جار لە هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەم جێگای شانازییە و خەونێکە بۆ من و خۆشترین هەواڵ گوێبیستی بووم پەنا بەخوا ئاستێکی باش نیشان دەدەم لەم پاڵەوانتیە، ئەم یاریزانانەی کە بانگهێشتی هەڵبژاردەکەمان کراوە زۆر باشن و یاریزانی باشتریش هەیەکە بانگهێشت نەکراون، بەڵام بریاری کۆتایی بۆ راهێنەر دەگەڕێتەوە، ئەو یاریزانانەی کە بانگهێشت کراون هەمووی دیارن ئەگەر هاتوو راهێنەرەکان بە ئاست یاری بە یاریزانەکان بکەن ئەوە ئەنجامی باش بە دەست دێنین لەم پاڵەوانتیە و دڵی جەماوەرەکەمان لە کوردستان خۆش دەکەین .

**دواتر کەمپی مەشقی هەڵبژاردەی کوردستانمان جێهێشت رووی پرسیارمان ئاراستەی ئەندامەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دلشاد ساڵح کرد ئەویش بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:** ئەوەی راستی بێت دوای ئەوەی ئەرکی راهێنەرایەتیمان خستە ئەستۆی هەر سێ راهێنەر (عیماد قادر و دلشاد مەعروف و رزگار عەلی) ئەوانیش پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستانیان ئاشکرا کرد کە بە بۆچوونی خۆیان ئەوانە باشترین یاریزانی کوردستانن لەم کاتەدا، بەڵام ئێستا چەندین یاریزانی باشتر هەیە و بانگهێشت نەکراون و هەندێکیان پێکانیان هەیە، بەڵام راهێنەر دەتوانێ تەنیا (٢٢) یاریزان بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان بکەن، ئێمە پارساڵ وەکو هەڵبژاردەی کوردستان تەنیا بۆ بەشداریکردن بەشداریمان لە پاڵەوانیەتی ڤیڤا کرد،چونکە یەکەم ساڵ بوو، بەڵام ئەمساڵ بۆ بە دەستهێنانی ئەنجام بەشداری ئەم پاڵەوانتیە دەکەین دەبێ یان پلەی یەکەم یان دووەم بە دەستبێنین لەم پاڵەوانتیە، چونکە لە گشت هێڵەکان یاریزانی زۆر بە توانا هەیە، بەبۆچوونی خۆم پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان ئەمساڵ لە پارساڵ باشترە، چونکە پارساڵ بە بێ ئەنجامدانی یاری دۆستانە بەشداری ئەم پاڵەوانتیەمان کرد، بەڵام ئەمساڵ وا بریارە چەندین یاری دۆستانە لەگەڵ چەند یانەیەکی بەهێزی کوردستان و عێراق ئەنجام بدەین هەرچەندە لە هەردوو جار کە بەشداری ئەم پاڵەوانتیەمان کردووە ماوەی خۆ ئامادەکردنمان زۆر کەمە واتە بە پێی پێویست نییە ئەمەش هۆی خۆی هەیە چونکە یاریزانەکانی ئێمە بەشداری لە دوو خول دەکەن خولی عێراق و خولی کوردستان.

**دواتر سەلام حوسێن سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەربارەی هەڵبژاردەی کوردستان گوتی:** زۆر قسە و باس لەوە هەیە ئایا ئەمە باشترین (٢٢) یاریزانانی کوردستانن؟ من دەڵێم نەخێر، بەڵام ئەمە ئەرکی راهێنەرە ئەوان لە دەست نیشان کردنی یاریزانەکان بەرپرسیارن، ئەو قسە و باسەش دەرباری هەڵبژاردەی کوردستان دەکرێت هەمووی لە راستی دوورە، ئەگەر هاتوو هەر یاریزانێك تووشی گیروگرفت بێت ئەوە ناتوانین ئەم یاریزانە بگۆڕین، چونکە وەرگرتنی ڤیزا ئەرکێکی زۆر قورسە، هەرچەندە ئاستی ئەو هەڵبژاردانە نازانم چۆنە، بەڵام نیشتمان پەروەری و ئاست و هێزا و توانی یاریزانەکان لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتیە دەبینم کە بتوانن ئەنجامێکی باش بە دەست بێنن، هیواداریشم ئەنجامیان باش بێت، هەرچەندە گرنگ نییە ئەنجام گرنگ ئەوەیە رووی گەشی کوردستان بە خەڵك نیشان بدەین، پارساڵ هەندێك کەموکوری هەبوو و یەکەم ئەزموونیش بوو، بەڵام ئەمساڵ رێکوپێکترە و ماوەی زیاتریشمان لەبەر دەستدایە و هەڵبژاردەی کوردستان دەتوانی بە لایەنی کەم دوو یاری دۆستانە ئەنجام دەدەن ئەمەش دەبێتە هۆکارێك باش بۆ دەستنیشان کردنی پێکهاتێکی باش بۆ یارییەکان و پێشبینی دەکەم ئەم هەڵبژاردەیە ئاستی باشتر دەبێت، ماوەی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردەی کوردستان هیچ کەم نییە و ماوەیەکی زۆر باشە، چونکە یاریزانەکان لە بەرزترین ئاستی خۆیان، چونکە ئەمە کۆتایی وەرزی تۆپی پێیە لە کوردستان و عێراق، راهێنەر تەنیا کار لەسەر بواری تەکتیك و چۆنیەتی یاری کردن دەکات، بە هەموو توانای خۆمان هەوڵ دەدین جامەکە بەرز بکەینەوە و بگەڕێتەوە کوردستان.

دواتر رووی پرسیارمان ئاراستەی چەند یاریزانێك کرد کە بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان نەکراون ئەوانیش راوبۆچوونی خۆیان هەبوو دەرباری هەڵبژاردەی کوردستان.

**سەرەتا یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر و یاریزانی کەرکووك مۆفق یونس دەرباری هەڵبژاردەی کوردستان گوتی:** سەرەتا پیرۆزبایی لە یەکە یەکە یاریزانەکان دەکەم کەوا بەناوی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکی وا گەورە دەکەن و ئەرکی زۆر زەحمەت کەوتیتە سەر شانیان، هەرچەندە زۆربەی یاریزانەکان هاورێی و دۆستی خۆمن، بەڵام دەستنیشان کردنی یاریزانەکان بە حەق نەبووە زۆر یاریزانی باشتر هەبوو لە خولی کوردستان و عێراق یاری دەکەن دەبوایە ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بوایە، بەڵام بانگهێشت نەکراون نازانم هۆیەکی چییە، یەك بە خۆم ئەمساڵ لە خولی کوردستان لە قۆناغی یەکەم یاریزانێکی سەرکی بووم و ئاستێکی باشم نیشان دا دوای ئەو کێشانەی کە تووشم هات یارییم بۆ یانەی کەرکوك کرد لە خولی پلە نایابەکانی عێراق لەگەڵ ئەم یانەیەش ئاستێکی باشم نیشاندا،بەڵام ناوم لە لیستی هەڵبژاردەی کوردستان نەبوو، ئەم یاریزانانە هەمووی بە برادەرایەتی و دۆستایەتی و ناوچەگەرییەتی







بانگهێشت کراون، گەر نا یانەی هەندرێن پلەی سێیەمی لە خولی کوردستان بە دەستهێناوە تەنیا یەك یاریزانی بانگهێشت کراوە و یانەی سلێمانی لەگەڵ ڕێزم بۆیان ئاستێکی خراپیان نیشاندا و بۆ ریزی پلە یەکەکانی کوردستان دابەزین کەچی دوو یاریزانیان بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بانگهێشت کراون ئایا ئەمە یەکسانییە،دەبوایە راهێنەرەکان هەندێك بە یەکسانی مامەڵیان لەگەڵ یاریزانەکان بکردبایە و بە یەك چاو سەیری هەموو یاریزانەکانیان بکردبایە.



**دواتر دارا سالح یاریزانی هێڵی هێرشبەری یانەی هەندرێن گوتی:** ئەوەی راستی راهێنەرانی هەڵبژاردەی کوردستان غەدریان لە زۆر یاریزانان کردووە، یەکێك لەو یاریزانانە منم ئەمساڵ لە خولی کوردستان لەگەڵ یانەی هەندرێن توانیم (١١) گۆڵ تۆمار بکەم و بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان نەکراوم کەچی یاریزان هەیە تەنیا (٧) یان (٦) گۆڵی تۆمار کردووە بانگهێشت کراوە ئایا ئەمە راستە یاخود یاریزان هەیە تەنیا ٧ یان ٨ یاری لە خولی کوردستان ئەنجامداوە کەچی لەگەڵ پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستانە یاخود یاریزانێکی یانەی سەورە پێکانەی هەیە و لە هەڵبژاردەی کوردستان وەرگیراوە و ئەمە دووەم ساڵە دەبێ لە یانەی ئارارات (٣) یاریزان بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان بکرێت جا ئەم یاریزانانە لە خولی کوردستان یاری بکەن یان نەکەن و ئاستیان باش بێت یان نا دەبێ لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان بن، ئەم هەموو شتە ئەوە دەگەێنێت کەوە بانگهێشتی یاریزانەکان بۆ هەڵبژاردەی کوردستان هەموو خزمایەتی و برادەرایەتییە و دۆستایەتیە،بەم پێکهاتییە هەڵبژاردەی کوردستان ناتوانێ هیچ ئەنجامێك بە دەست بێنێت لەم پاڵەوانتیە، راهێنەرکانیش شایستەی ئەوە نین ببنە راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان دەبوایە سەمەد جەوهەر وەکو راهێنەر دەست نیشان بکرێت، چونکە عیماد قادر راهێنەری یانەی سەورەیە تیپەکی لە ریزبەندی (٧)مە کەچی بووە راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان ئەمە راست نییە.





**دواتر یاریزان سەرمەد عەزیز یاریزانی یانەی هەولێر گوتی:** پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان هیچ بناغەیەکی نییە تەنیا برادەرایەتییە چونکە ئەوەی واستەی هەبوو ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ راهێنەرەکان خۆش بوو توانیان خۆیان بگەینە هەڵبژاردەی کوردستان ئەوەی نەیتوانی ئەوە هیچ، من ناوی ئەو یاریزانانە ناڵێم کە شایستەی هەڵبژاردەی کوردستان نینە چونکە خۆیان باش دەناسن و دەزانن کێیە بە تەلەفۆنات وەرگیراوە و بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان کراوە، پارساڵ بانگهێشت کردن بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بەم شێوەیە نەبوو چونکە پارساڵ یاریزانی زۆر بە توانای تێدابوو بۆیە زۆر کەس قسەی لەسەر ئەم هەڵبژاردەیە نەدەکرد، باوەر ناکەم هەڵبژاردەی کوردستان بەم یاریزانانە بتوانن هیچ شتێك بکەن لەم پاڵەوانتیە بە بیروبۆچوونی خۆم ئەگەر یەك خاڵیش بە دەست بێنن ئەوە دەستکەوتە بۆ ئەم هەڵبژاردەیە و بۆ راهێنەرەکان.

**راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی کوردستان عەبدوڵلا مەحمود راوبۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو لەسەر هەڵبژاردەی کوردستان و گوتی:** سەرەتا پیرۆزبایی لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەم بە بۆنەی کۆتایی هاتنی خولی پلە نایابەکانی کوردستان و پیرۆزبایی لە یانە یەکەمەکانی کوردستان دەکەم و هەروەها پیرۆزباییەکی گەرم لە راهێنەران و یاریزانەکانی هەڵبژاردەی کوردستان دەکەم بە بۆنەی دەست نیشان کردنیان وەکو نوێنەری کوردستان لەم پاڵەوانتیە، بەڵام بەداخەوە گوێبستی هەواڵی دورخستنەوەم بووم لە ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی کوردستان بە بێ هیچ هۆکارێك کاتێك لە یانەی هەولێر نەمام لە هەڵبژاردەی کوردستانیش دوریان خستمەوە، ئەگەر هۆکاری دوورخستنەوەم بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەوا راهێنەر نیمە لە هیچ یانەیەك ئەوە بە هەڵە داچونە، چونکە راهێنەری هەڵبژاردە دەبێ راهێنەرێك بێت ئەرکی هێچ یانەیەکی لەسەر شان نەبێت بۆ ئەوەی بتوانی بە باشترین شێوە یاریزان هەڵبژێرێت، من شایستەی ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی کوردستان بووم،دەزانم چۆن منیان دورخستەوە و دەزانم کێ دەستی هەبووە لە دورخستنەوەم لە هەڵبژاردەی کوردستان،نازانم لەسەر چ پێوەرێك ئەم راهێنەرانە دەست نیشان کراوە، ئەگەر بە پێی رێزبەند بێت ئەوە دلشاد مەعورف و رزگار عەلی شایستەی ئەوەن ببنە راهێنەر، بەڵام دەبوایە لە شوێنی عیماد قادری سەمەد جەوهەر وبایە چونکە ئەویش راهێنەرێکی بە توانایە و یانەکەی پلەی سێیەمی بە دەستهێناوە لە خولی کوردستان.

**لە کۆتاییدا رۆژنامەنووسی وەرزشی ئەرسەلان عەبدوڵلا سەبارەت بە هەڵبژاردەی کوردستان گوتی:** بە بۆچوونی خۆم یاریزانی زۆر باشتر هەیەکەوا بانگهێشت نەکراون، بۆ نموونە یانەیەکی وەك هەندرێن پلەی سێیەمی خولی کوردستانی بە دەستهێناوە یەك یاریزانی بانگهێشت کراوە بۆ، هەروەها دەستنیشان کردنی راهێنەران لەسەر چ پێور و بنەما دەستنیشان کراوە، دەست نیشان کردنی یاریزانان بۆ هەڵبژاردەی کوردستان زانستی نەبوو و لەسەر بنەمای ئەنجامی یانەکانیش نەبوو، بەب یروبۆچوونی خۆم ئەم هەڵبژاردەیە ناتوانێ هیچ ئەنجامی باش بە دەست بێنێت هەتا ماوەی خۆ ئامادەکردنیاشیان کەمە بوار بۆ راهێنەر نارەخسێنی بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای یاریزانەکان بێت، لە کوردستان و عێراق شتێك زۆر باوە ئەویش ئەوەیە پێش دەستپێکردنی هەر پاڵەوانتێك بەرپرسان و یاریزانان بە پەرۆشەوە لێدوان دەدەن و دەڵێن ئەنجامی باش بە دەست دێنێن، کەچی دەگاتە سەر راستیەکان و کاتی یارییەکان شتی پێچەوانە روو دەدات و پێکهاتەکەش گونجاو نییە بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامی باش، بە بۆچوونی خۆم پێکهاتەی پار ساڵی هەڵبژاردەی کوردستان زۆر بەهێزتر بوو چونکە چەند یاریزانێکی بە توانای تێیدا بوو و هەروەها چەند یاریزانێکی کوردی ئەورووپاش لەم هەڵبژاردەیە یارییان دەکرد، دوای ئاشکرا کردنی پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان ژمارەیەکی زۆری یاریزانە بانگهێشت نەکراوەکان لە رۆژنامەکان رخنەیەکی زۆریان ئارستەی راهێنەرکان و یاریزانەکان کرد ئەمەش شتێکی باش نییە چونکە دەبێ یاریزانە کەسایەتی خۆی بپارێزی، لە هەموو جیهانیش وا باوە جاری وا هەیە باشترین یاریزان بانگهێشتی هەڵبژاردەکان ناکرێت بۆ نموونە یاریزانی بە توانای فەرنسی ئەریك کانتۆنا باشترین یاریزان بوو کەچی بۆ هەڵبژاردەی فەرنسا بانگهێشت نەکرا، بەڵام یاریزانەکانی خۆمان هەموویان حەز دەکەن



لەگـــەڵ هەڵبژاردەی کوردســـتان بان، زیاتر بۆ ئەنجامدانی گەشتە بۆ دەرەوەی کوردستان، زۆر تۆمەت درایە پاڵ راهێنەرەکان کەوا یاریزانەکان بە خزمایەتی و دۆســـتایەتی هەڵبژێرداروە من لەگـــەڵ ئەو بۆچوونە نیمـــە چونکە نابێت هەر لە شـــوێنی خۆت بە بێ بەڵگـــە ئەم تۆمەتانە بخەیە ئەســـتۆی راهێنەر بەراســـتی ئەم قسانە باش نییە.

### هەڵبژاردەی کوردستان......

ماوەی هەفتەیەك زیاترە پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردســـتان راگەیاندراوە، سەرتا ئەو یاریزانانی کە بانگهێشـــتی هەڵبژاردەی کوردستان نەکراون رەخنەیەکی یەکجار زۆریان ئارســـتەی راهێنەر و یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان کرد دەرباری چۆنیەتـــی دەستنیشـــان کردنـــی یاریزانەکان و هەندێـــك لـــە راهێنەرەکانیـــش رەخنەیان لەم هەڵبژاردەیە گـــرت، بەڵام رۆژنامەنووســـانی وەرزشـــی نە رەخنەیان لەم هەڵبژاردەیە گرت نە پشـــتگیریان کرد، بەڵام چەند تێبینیەکم لەسەر ئەم روداوانە هەیەکە بەم شێوەی خوارەوەیە.

### پێکهاتەی کوردستان و چەند یاریزانێکی ستەم لێکراو

هەرچەندە بانگهێشـــتنی یاریزانـــەکان ئەرکی سەرەکی راهێنەرە دەبێ هەموومان رێز لەم بڕیارە بگرین، بەڵام هەندێك یاریزانی زۆر بە توانا هەیە کە شایستەی ئەوە بوون بانگهێشتی هەڵبژاردەی بکرێن بەشـــداری لەم پاڵەوانتیـــە بکەن لەوانە یاریزانی بە توانای یانەی بروسك ئارام فەتاح کە ئاستێکی زۆر بەرزی لە خولی کوردستان نیشاندا و بارزان یاریزانی یانەی هەندرێن ئەویش ئاستی زۆر بـــەرز بوو، بەڵام بە بیانـــووی ئەوەی کەوا تەمەنیان بچووکە تا تووشـــی لەخۆ بایی نەبن بۆیە بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان نەکراوە ئەمەش بیروبۆچوونێکـــی زۆر هەڵەیە، چونکە لـــە زۆربەی هەڵبژاردەکانـــی جیهانی یاریزانی تەمەن (١٨) یان (١٧) ســـاڵ لە هەڵبژاردەکان یاری دەکات، هەروەها یاریزان هەوراز ئیسماعیل و ســـەرمەد عەزیـــز یاریزانی یانـــەی هەولێر و هیشـــام یاریزانی یانەی پێشـــمەرگەی هەولێر و مەســـعود هادی و بەرۆژ جـــادر یاریزانی یانەی زاخۆ و نێچیرڤان شـــوکری یاریزانی یانەی پێرس چەندین یاریزانی تر کە شایســـتەی بانگهێشتنی هەڵبژاردەی کوردســـتانن ئەمە ئەوە ناگەێنێت کە ئەو یاریزانانە بانگهێشت کراون ئەزموونیان کەمە یاخود شایستەی هەڵبژاردەی کوردستان نینە.

### شاندی هەڵبژاردەی کوردستان

شـــاندی ئەمجارەی هەڵبژاردەی کوردســـتان بۆ پاڵەوانیەتـــی ڤیڤـــا لە وڵاتی ئیتاڵیـــا لە (٣٩) کەس پێکهاتووە لە یاریزانـــەکان و راهێنەرەکان و کارگێریی ...هتد پێکهاتووە، من پرســـیارێکم لە یەکێك لە راهێنەرەکانی هەڵبژاردەی کوردستان کرد و پێم گوت:ئەگەر هاتوو ئێوە لە مەشـــقی رۆژانە یاخود لە یارییە دۆســـتانەکان چەنـــد یاریزانێك تووشـــی پێکان هات لەم (٢٢) یاریزانە ئێوە چی دەکەن؟

ئەم راهێنەرە گوتی: هیچ ناکەین چونکە ناتوانین ئـــەم یاریزانە بە یاریزانێکـــی تر بگۆڕین چونکە وەرگرتنـــی ڤیزا تۆزێك قوڕســـە ئەگەر شـــەش یاریزانیشـــمان تووشـــی پێکان هات ئەوە ناتوانین هیچ بکەین.

دواتر سەیری شـــاندەکەم کرد سەیرم پێ هات ئەم (٣٩) کەس کێیە؟

دواتـــر بۆم دەرکـــەوت ئەم (٣٩) کەســـە (٢٢) یاریـــزان و (٣) راهێنەر و (٢) دکتور و کارگێری هەڵبـــژاردە و (٢) رۆژنامەنووس و (٤) ئەندام لە یەکێتـــی تۆپی پێی کوردســـتان و (٢) ئەندامی لێژنـــەی ئۆڵۆمپی کوردســـتان و (٢) نوێنەر لە وەزارتی وەرزشی و لاوان.

سەیرەکە لەوەیە باشـــە وەزارتی وەرزشی لاوان چ پەیوەندییەکی بەم شـــاندە هەیە ئایا یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ســـەر بە وەزارتی وەرزش و لاوانە یان سەر بە لێژنەی ئۆڵۆمپیە؟، ئایا یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان نەیدەتوانی لەجیاتی ئەو هەموو نوێنەرانە ناوێ (٥) یاریزانی یەدەگ بنووســـی و ڤیزیان بۆ وەربگری بۆ کاتی پێویســـت؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن، ســـەیری هەڵبژاردەکانی تری جیهان بکەن کاتێك کە شـــاندەی ئەم هەڵبژاردەیە بۆ پاڵوانتیەك دەست نیشـــان دەکرێت ئەو هەموو کەســـە لە خۆناگرێت، لە پاڵەوانیەتی پارساڵیش هەمان شت روویدا، دەبێ ئێمە ئەم شتانە چارسەر بکرێت.

### رەخنە!!!



راســـتەی ئەو یاریزانانەی کە لـــە هەڵبژاردەی کوردستان وەرنەگیروان هەست بە زوڵمێکی گەورە دەکەن بۆیە لە هەموو شوێنێك رەخنە لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردســـتان دەگرن تا دەگاتە رادەی هەندێـــك کەس حـــەز دەکەن کـــەوا هەڵبژاردەی کوردســـتانی شکســـتێکی گەورە لەم پاڵەوانتیە بە دەســـت بێنێت بۆ ئەوەی بیرۆبۆچوونی خۆی بســـەلمێنێ کە ئەم هەڵبژاردەیە بـــە برادەرایەتی دروســـت بووە، بەڵام دەبێ ئەمانە ئەوە بزانن کەوا هەڵبژاردەی کوردستان مولکی کەس نییە مولکی هەموو خەڵکی کوردستانە و ئێستا ئەم هەڵبژاردەیە پێویستی بە پشتگیری هەیە لە هەموو لایەك بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجام باش بە دەست بێنێت، چونکە ئەگەر هەر دەستکەوتێك بە دەستبێنێت ئەوە تەنیا بۆ عیماد قادر و دلشاد مەعروف و رزگار عەلی و یاریزانـــەکان و یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان نییە، بەڵکو بۆ هەموو گەلی کوردســـتانە دەبێ یەکەم کەس ئەو یاریزانانەی کە بانگهێشت نەکراون پشـــتگیری خۆیان رابگەێنین و هانی یاریزانەکان بدەن و ئەرکی رۆژنامەنووســـانیش زۆر قورســـە لەم قۆناغە، چونکە دەبێ کەشـــێکی گونجاو بۆ یاریزانەکانی هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکات تاوەکـــو ئەم هەموو رەخنەیە کاریەگەری لە باری دەرونی یاریزانەکان نەکات.



### هەڵبژاردەی کوردستان بە بێ یاریزانانەکانی هەولێر و دهۆك



ئـــەوە دوو ســـاڵ لەســـەر یەکـــدی پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان بە بێ یاریزانانی هەولێر و دهۆك کە لە خولی عێراق یاری دەکەن بەشداری ئەم پاڵەوانتیە دەکات، هەرچەندە یاریزانی زۆر بە توانا لەم دوو یانەیە یاری دەکەن، بەڵام راهێنەری هەردوو یانە رێگا بە یاریزانەکانیان نادەن بەشداری ئـــەم پاڵەوانتیە بکەن، هەرچەندە رێگا نەدانی ئەم یاریزانانـــە ســـوودی هەیە و خەراپەشـــی هەیە، سودەکەی لەوەیە دەتوانین چەند یاریزانێکی لاو لە شوێنی ئەو یاریزانانە بانگهێشت بکرێن بۆ ئەوەی متمانێکی تەواویان پێ بدرێت و ببێتە یاریزانێکی بە توانا، بەڵام خەراپیەکەشـــی لەوەیە بە بێ ئەم یاریزانانە هەڵبژاردەی کوردستان ناتوانن ئەنجامی بەرچاو بە دەســـت بێنـــن، هیوادارین هەڵبژاردەی کوردستان بتوانێ بە بێ ئەم یاریزانانە ئەنجامێکی باش بە دەســـتبێنێت و ئاستێکی باش نیشان بدات لەم پاڵەوانتیە.

ئەنێلکا:

# فەرەنسییەکان چێلسی بە یانەیەکی گەورە دەزانن

**زۆر قسە و باس لەسەر ئاستی فەرەنسی نیکۆلاس ئەنێلکا دەکرا، دوای ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆر یانەی کرد لەوانە پاریس سان جێرمان پاشان چووە یانەی لیڤەرپوول دواتر بۆ یانەی فەنەرباخچەی تورکی پاشان یانەی مانچستەر سیتی و ئینجا یانەی بۆلتۆن و تا لە یانەی چێلسی جێگیر بوو و بەوە تۆمبەتبار دەکرا کە کەسایەتییەکی لاوازی هەیە، بۆیە لە یانەکان شوێنی نەدەبۆوە، ئەنێلکاش لەو قسانە بێ دەنگ بوو و وەڵامی کەسی نەدایەوە سەرەڕای کە رەقیش بوون و هەندێ جاریش بریندارێش بوو، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە وەڵامیان بداتەوە کە بە شێوەیەکی راست و دروست شوێنی خۆی لە ستامفۆرد بریدج بکاتەوە لە وەرزی ئەمساڵ رەخنەگرانی بێ دەنگ و شەرمەزار بکات و (٢١) گۆڵ لە خولی یانە پلە نایابەکانی ئینگلتەرە تۆمار بکات و ببێتە یەکێک لە گۆڵکەرە مەزنەکانی خولی ئینگلتەرە، ئەنێلکا توانی هاوکارییەکی تەواوی یانەی چێلسی بکات بۆ گەیشتن بە قۆناغێکی باش خولی یانەکانی ئەوروپا و بگاتە کۆتایی جامی ئینگلتەرە و دواتر نازناوەکەش ببنەوە، بۆیە گۆڤاری سوپەری وەرزشی ئەم هەڵەی قۆزتەوە و خۆی گەیاندە ئەنێلکا و ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازدا، ئێمەش لە فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بەباشمانزانی بڵاوی بکەینەوە.**

*** چی دەڵێت سەرەتای ئاستی چێڵسی لە وەرزی ئەمساڵ باش نەبوو و چۆنی هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئەمە بەرەنگارییەکی باش بوو بۆ من، چونکە من ساڵ و نیوێکە لەو یانەیە یاری دەکەم و باری دەروونیم زۆر باشە و هەست بەوەش دەکەم کە لەم وەرزە توانیم لە یارییەکان بەشێوەیەکی باش بەشداری بکەم و خۆشحاڵم بەو کەش و هەوایە.

*** ئێستا هەست بەوە دەکەیت کە بەشێکی لە یانەی چێڵسی؟**

- بەڵێ، وای بۆ دەچم کە بەشێکم لەو یانەیە و لە وەرزی ئەمساڵ زۆرترین بەشدارییم لە یارییەکان کرد، بۆیە خۆشحاڵم بە دوارۆژم لەو یانەیە.

*** ئایا دوای گەڕانێکی زۆر لە یانەکان، وای بۆ دەچووی کە لە یانەیەك جێگیر دەبیت؟**

- ئەمە راستە لەو ماوەیەدا زۆر یانەم کرد و من لە یانەیەکی گەورە دەگەڕام، دوای ئەوەی پەیوەندیم بە یانەی چێڵسی کرد گوتم ئەو یانەیە بوو کە من بە دوای دەگەڕام و هیچ بیریش لەوە ناکەمەوە کە ئەو یانەیە بەجێ بهێڵم و من لێرەم و با ناحەزانیش چییان لە هەگبەی ماوە بیڵێن و خۆشحاڵم کە لە گەورەترین یانەی جیهانی یاری دەکەم و هەموو توانا و هێزم بۆ ئەو یانەیە دەخەمە گەر.

*** هەست بەخۆشی دەکەیت کە لات وایە ماوەیەکی یەکجار زۆرە لەو یانەیە یاری دەکەیت؟**


- بە تەئکید و ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم دەڵێم ئەو شوێنەم زۆر خۆش دەوێ و دەمەوێ لەو شوێنە بمێنمەوە و بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکان بکەم و بەرامبەر یانە زلهێزەکان یاری بکەم.

*** لە وەرزی ئەمساڵ یانەی چێڵسی گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینی راهێنەر هات و ئەوەی دیکە رۆیشت، ئایا ئەمە یانەکەی نەهەژاند؟**

- ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە کە یانە راهێنەر دەگۆڕێ من لەو کاتەی پەیوەندیم بەو یانەیە کردووە سێ راهێنەریان گۆڕیووە و ئێمە یاریزانی پیشەگرین دەبێ پارێزگاری لە هەست و ئاستمان بکەین و هەموو توانامان لە یاریگا سەرف بکەین، کاتی ئاستی یانە بەرەو نزمی دەڕوات پێویست بیر لە گۆڕانکاری بکرێتەوە و ئەم گۆڕانکاریش کە کرا بۆ ئێمە باش بوو دەستمان کرد بە ململانێیەکی بەهێز تا کۆتایی وەرزی ئەمساڵ.

*** سەرەڕای دەستەیەکی نوێ لە یانەی مانچستەر سیتی و دابینکردنی پارەیەکی یەکجار زۆر سەرفکرا بۆیان، ئایا هەست بە نیگەرانی ناکەیت کە سوودت لێوەرنەگرت؟**

- بڕوام وایە تیپێکی باشیان هەیە ئەویش بەهۆی ئەوە گۆڕانکارییانە کە لەسەر ئاستی یانەکە کرا، بەڵام گۆمانم لەوەیە کە ناگەنە ریزی باشترین چوار یانەی خولی یانە پلە نایابەکان، بۆیە من



خۆشحاڵم ئێستا کە لە یانەیەك یاری دەکەم کە لە ڕیزی ئەو چوار یانەیەن کە لە پێشەنگین و هیوادارم یانەی مانچستەر سیتی بگاتە ئاستی یانە باشەکانی خولی یانە پلە نایابەکان و بەشداری خولەکانی ئەورووپا بکات.

*** لە لەندەن چ شتێك سەرنجت ڕادەکێشێ، ئایا ژیان لەو وڵاتە ئاسانە؟**

- لەندەن شارێکی زۆر زەحمەتە چونکە گەورەیە و زۆر شت هەیە دەبێ لێی جێبەجێ بکەی، لەندەن بۆ من باشە، چونکە لە پاریس نزیکە و دەتوانم لە کاتی پشوو بچم و بگەڕێمەوە من لەندەنم خۆش دەوێ وەکو ئەوەی پاریسم خۆش دەویست، من خۆشحاڵم لەو شارە چونکە ڕێز لە میوان دەگرن و هاوکاریت دەکەن و ئەو شارە ڕۆشنبیرییەکی بەرزی تایبەتی خۆی هەیە.

*** دەکرێ بزانین بوونت بە موسڵمان چۆن بوو؟**

- من کە بوومە موسڵمان تەمەنم (١٦) ساڵ بوو و ئەو کاتەی دەستم بە یاریکرد بە تەئکید من موسڵمان بووم، ئەم قسانەش لە ڕاستی دوورە کە ماوەی (٥) ساڵە من بوویمە موسڵمان، بۆیە هیچ شتەك لە ژیانم و لە یاریکردنم نەگۆڕاوە ئیسلام وای لێکردم کە هێمن و لەسەر خۆ بم و وای لێکردم کە خۆڕاگر بم و سەریشم بەو ئایینە بەرزە من پێویستیم بە هێمنی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەم.

*** چ ڕوویدا لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا بوویتە موسڵمان؟**

- من ئەو کاتەی لە پاریس ژیانم بەسەر دەبرد زۆر موسڵمانی تێدا بوو کە لەگەڵ یەکتردا دەژیاین و زۆر شت لە ئاینی ئیسلام فێربووم و حەزم کرد ببمە موسڵمان و ئێستاش هەست دەکەم کە لە ڕۆژی لە دایکبوونمەوە موسڵمانم، ڕۆژێکی گەورە بوو من بووم بە ئیسلام چونکە زۆربەی زۆری برادەرکانم موسڵمان بوو، من لەگەڵ ئەوەنییم کە دەڵێن تۆ ئاینی خۆت گۆڕییەوە پێیان دەڵێم من شتی ڕاستم هەڵبژاردووە و بە قەناعەتەوە من بووم بە ئیسلام، من خۆشحاڵم کە من موسڵمانم چونکە ئاینی ئاشتییە و زۆر شتی لێ فێربووم.

*** لە یانەی چێڵسی هێمن و لەسەرخۆی ئایا ئەمە بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە موسڵمانیت؟**

-لەوانەیە ئێستا هەست بە حەسانەوەیەکی باش دەکەم کە بڕوا بکەن و نەکەن من بە بەردەوامی ئەمە خۆرەوشتمە و هیچ گۆڕانکارییەکیش لەسەر کەسایەتی من نەهاتووە من خۆشحاڵم بە کارەکەم.

*** سەرەڕای ئەوەی تەمەنت (٢٨) ساڵە زۆر شتت لە تۆپی پێی بە دەستهێنا، ئاواتی ئێستات چییە؟**

- ئاواتم ئەوەیە ئاستم بەرزتر بکەمەوە و سەرکەوتن بە دەستبهێنم و دەمەوێ پاڵەوانیەتیەکان ببەینەوە ئەمەش هۆکارێك بوو کە چوومە یانەی چێڵسی.

*** وەرزێکی باشت بەڕێکرد، ئایا ئەمە باشترین وەرزت بوو، یان پێشتر شتی باشترت هەبوو؟**

- وای بۆ دەچم ئێستا توانای لەشم لە بەرزترین کاتدایە و لە وەرزی ئەمساڵیش زۆر گۆڵم تۆمارکرد ئەویش لەبەر ئەوەی لە شوێنی خۆم یاریم دەکرد، بەڵام لە هەفتەکانی دواییدا لە لای چەپ یارییم دەکرد، بۆیە زۆر زەحمەت بوو گۆڵ تۆمار بکەم و سەرەڕای ئەوەش توانیم (٢١) گۆڵ تۆمار بکەم و بڕوا بکەن گەر لە شوێنی جاران یارییم بکردبایە لەوانەیە گۆڵی زیاترم تۆمار دەکرد، من ئێستا لەگەڵ یاریزانی بەناوبانگ یاری دەکەم و هاوکارییم دەکەن بۆ گۆڵ تۆمارکردن و چۆن خۆشحاڵ نابم کە لەتەك ئەستێرەکانی وەکو لامپارد و مالودا و کالۆ یاری بکەم هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئاست بەرزیم.

*** بڕوات وای دوا ڕۆژت لە یانەی چێڵسی دەبێ کە تا ئێستا نازانیت لە وەرزی داهاتوو کێ دەبێتە ڕاهێنەرت؟**

- چێڵسی یانەیەکی گەورەیە و زۆر پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە و من وەرزێکی دیکەش بۆندم لەگەڵ ئەو یانەیە هەیە و بۆیە دەمەوێ ئاستێکی بەرز نیشان بدەم و گۆڵەکانی وەرزی ئەمساڵ دووبارە بکەمەوە.

*** ماوەی سێ ساڵە لە نازناوی خولی یانەکان دوورن ئایا مانچستەر یۆنایتد لە ئێوە باشترە؟**



- نابێ لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکەین سەرەڕای ئەوەی ئەنجام هەموو شتێکە، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە یانەی چێڵسی بە ساتێکی خەراپ تێپەڕ بوو و چەندین ڕاهێنەری گۆڕی و ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو لە دوورکەوتنەوەمان لە نازناوی خولی یانەکان.

*** دەکرێ بزانین لای فەرنسییەکان یانەی چێڵسی یانەیەکی گەورەیە؟**

- چێڵسی شوێنێکی تایبەتی هەیە لای فەرەنسییەکان و یەکێکە لە (٥) یانە گەورەکانی جیهانی، گەر لە فەرەنسا بژییت سەیر دەکەی بە بەردەوامی سەیر یانەکانی ریال مەدرید و میلان و بەرشلۆنە و مانچستەر یۆنایتد و چێڵسی دەکەن بۆیە دەڵێم چێڵسی یانەیەکی گەورەیە.



**(ئیسلام و ئیمارات)**

سەرەڕای ئەوەی ئەنێلکا دەڵێ من لە تەمەنی (١٦) ساڵیەوە بوویمە ئیسلام کەچی لە چاپەمەنییەکان و تۆڕی ئینتەرنێت باس لەوە دەکەن کە ئەنێلکا لە ساڵی (٢٠٠٤) بوویتە ئیسلام ناوی خۆی کردووە بە عەبدولسەلام بیلال ئەویش لە وڵاتی ئیمارات بووە کە ئەنێلکا سەردانی ئەو وڵاتەی کردووە و بڕیاریداوە چی دیکە لە خولەکانی ئەورووپا یاری نەکات و پەیوەندی بە یەکێك لە یانەکانی ئیماراتی بکات و نەگەڕێتەوە لە فەرەنسا و ئینگڵتەرە یاری بکات، ئەنێلکا لە ئیمارات نەمایەوە و یەکسەر پەیوەندی بە یانەی فەنەرباخچەی تورکی کرد.

**ئەستێرەی سینەما و یاریزانی تێنس**

خێزانی ئەنێلکا ناوی باربراتاوزیایە و بە ڕەگەز خەڵکی بەلژیکایە و کاری ڕاهێنەری مۆسیقا و هونەری فرانکۆفۆنییە، ئەنێلکا لە کاتەکانی پشوویدا زۆر یاری تێنسی سەر زەوی دەکات و بەشداری لە فیلمی سینەمائی لاپۆلا کرد بەناوی ئەنێلکا کە ڕۆڵی یاریزانێکی تۆپی پێی وەرگرتبوو، ئەنێلکا زۆر جار بیر لەوە دەکاتەوە دوای وازهێنانی لە یاریکردن وەکو ئەکتەرێك ڕوو لە بواری سینەما بکات.

**لە ژمارەی داهاتوو عەبدوڵڵا مەحمود دەبێتە میوانی گۆڤاری گوڵان**

خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری گوڵان ئاگادار دەکەینەوە لە ژمارەی داهاتووی هەفتەنامەکەماندا چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ ڕاهێنەری بە توانای کوردستان و پێشووی یانەی هەولێر عەبدوڵڵا مەحمود بڵاودەکەینەوە کەوا چەندین نهێنی ئاشکرا دەکات، چاوەروان بن.